## برینەکانی ئافگانستان !

رەشاد – مستەفا سوڵتانی

دوازدەی ئاگوستی ٢٠٢١



هەر ئیستا شەڕی خوێناوی لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەلگای دوواکەوتوو و زانست و خورافات لە ئەفگانستان ، ژیانی شارۆمەندانی لە تاڵ تاڵتر کردووە . بێ عەدالەتیەکان ، بێ حورمەتیەکان، کوشت و بڕەکان ، ستەم و تیروری بێ سنوور بە زۆری، لە لایەن ژنان و منداڵانی ئەفگانستانەوە نرخی دەدرێت و دەیدەن . کۆمارە سوسیالیستیەکانی ڕووسیا ؟؟ بە شێوەیەکی ناجوامێرانە ئەفگانستانیان داگیر کرد و شەڕی ماڵ بە ماڵ و قورسیان داسەپاند و، پاشان خۆیان دەرباز کرد. هەندی هەڵخەڵەتاوی ئەفگانیان هان دا ، تا لە دەروازەکانی شاری کابول بە شادی و چەپڵە لێدان سەرکەوتنی ڕووسەکان و ڕەوتی چوول کردن وجێ هێشتنی ئەفگانستان رێز بگرن . کەرەسە وماشینی جەنگی ڕووسەکان پسکۆ پسکۆ بە دانی هەزاران کوژراو و هەزاران بریندار و دابەزینی سەرسوڕ هێنەری ڕوبل، بەرەو سنوورەکانی رووسیا گەڕایەوە . لەم ماوەدا کە رووسیا ئەفگانستانی داگیر کردبوو ، ئامریکاییەکان و ئینگلیزەکان و وڵاتانی ڕۆژ ئاوا بەگشتی ، بە دزیەوەلەگەڵ دەیان گورووپی توند ئاژۆ، و ڕاستەوخۆ دژی ڕووسیا گوایە حکومەتی سوسیالیستی دامەزراندووە و سوسیالیزمیش لە ئەفگانستان پەرە و گەشەی کردووە ،پەیوەندیان گرت . داگیرکاران هەموو ئەو هێزە پڕژ و بڵاوانە کە باوەڕمەند بە ئاینی ئیسلام بوون ڕێک خست و ئامرازی پێشکەتووی شەڕو پارە و تۆڕی کۆمەڵاتیان لە خزمەت دانان . زل‌هێزەکان بەرە بەرە هێزیان لە دەریا و ئاسمانەوە لە خاکی ئەفگانستان دابەزاند و دیسانەوە ئەفگانستان ، لە لایەن پاوند ،ئورۆ ودولارەوە داگیر کرا . دەیان وەڕگێر لە خزمەتی پلاتفورمی ئەم هێزە بۆ بێگانەکان هەڵدەسوڕان . شێوە و ڕێبازی شەڕیان بە ئاستێکی سامناک گەیاند ، کە دیاری ئەم داگیرکاریە تەنیا خوێن و قەڵاچوی شارۆمەندانی ئەفگانستان بوو . ئیستا ڕەوتی دوواکەوتوو و ئاین و ئاین زاکان و زلهێزەکان ، بەستێن و بارودۆخیان بۆ " ڕەوتی توند ئاژوی تالیبان " دەستە بەر و ئامادەکردووە تا کۆمەڵگای ئەفگانستان بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕینیتەوە . بە هەڵویستی دیفاع لە ئاشتی و ڕێبازی " لاری کەرەوە و مەیڕێژە !" هەر خەڵکی ئاسایی دەکوژن . توند ئاژۆکان هێشتا دەسەڵات و هیژمونی

سیاسیان نه ڕفاندووه ، که یاسا کۆن، داڕزیو و کات بەسەر چووەکانیان زیندوو کردوەتەوە و وەک یاسای پەسەند کراوی کۆمەڵگا ، دایانسەپاندووە . لە حاڵیکدا هەڵبژاردن و دەنگ دانی ئازاد و نهێنی و بێ سانسور لە کۆمەڵگای ئەفگانستان نە کراوە تا شارۆمەندان دەنگی خۆیان ئازادانە ڕاگەیەنن، ئایا ئەم یاسا و کولتورەو فورمی بەڕێوە بەری کۆمەڵگایان قەبوڵە یا نا ؟؟ ئیستا ئەفگانستان خەڵتانی تاوان و خوێنە . شەڕەکە هی خەڵکی نیشتەجێ ئەفغانستان نیە وخەڵکی ئاسایی لە داوی ناکۆکیەکانی وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا کەوتوون، کە بۆ دابین کردنی قازانجی خۆیان ، فرۆشتنی کەرەسەی پێشکەتووی شەڕ ، تاڵانی کەرتی کشت کاڵ ، کانزاکان ، بەتایبەت قاچاخی هیروئین ، تریاک و کەرەسە هۆشبەرەکان و بەدەس هێنانی ناوچەی ئیستراتژیک و هەستیار، شەڕی خۆیان بۆ ئەو وڵاتە گواستوەتەوە . دەس تێ وەردانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران ، پاکستان ، تورکیا و عەرەبستانی سەعودی ئەمنیەت و ئاشتی لە ئەفگانستان خستوتە مەترسی جیدیەوە و هەر پەیکەری لاواز و برێنداری ئەفگانستانە کە خوێنی لێ دەچۆڕێت . شەڕی ئەفگانستان میلیارد میلیارد داهاتی کۆمەڵگای جیهانی وەک کامباینی کشت و کاڵ هەڵلوشیووە و بە فیڕۆ داوە . ئەگەر ئەو داهات و پارەیە ، لە خزمەت نابودی کرۆنا ، دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و ،نەمانی برسیەتی بە کار هاتبا ، ئیستا خەڵکی ئافریکا، ئاسیا و ئامریکای لاتین دەردی بێ دەرمانیان تا رادەیەک چارەسەر دەکرا. ئیستا ئەفگانستان خەڵتانی تاوان و خوێنە !

ئەم کۆپلە شیعرە هی جەناب کاک " فەریدون ئەرشەدی" ە . ڕاسپاردەیەکی سنوور شکێن نوێنەرایەتی دەکا . من ئیجازەم وەر گرتوە و دامناوە.

شەڕ !

شەڕ ، سەر پۆشە سپێیەکەی دایکمی گۆڕی ،

قومرییەکانی* لە ماڵمان تۆراند ،

گۆنای خۆشکەکانمی ڕنی .

شەڕ ، پشتی باوکمی شکاند ،

مێشکی براکانمی ،

بەدەستی یەکتری پژاند !

دوایی

..........................................................

*قومری باڵندەیەکە ، لە بنەماڵەی کۆتر . -

( ڕ - م س )

دوازدەی ئاگۆستی ٢٠٢١


ازبکستان
ترکمنستان
تاجیکستان
چین
افغانستان
ایران
هند
پاکستان
بندرچابهار
بندر کراچی
هند